Region Gävleborg

زانیاری تایبەت بۆ باوان

سەبارەت بە خەتەنەی کچان (FGM)

هەموو منداڵان لە سوید دەبێ لە ئاست توندوتیژی و زیانی جەستەیی بپارێزرێن

ئەمە هەموو جۆرە خەتەنەی کچان (FGM)، وەکوو خەتەنە، کونکردن، سووتاندن و دوورینەوە دەگرێتەوە. هەر جۆرە کردارێکی ناپزیشکی لەسەر ئەندامی زاوزێ قەدەغەیە. هەموو منداڵان دەبێ باشترین ئاسانکاری پزیشکیان بۆ دەستەبەر بکرێت.

مەترسی و گرفتەکان

لە ماوەی ئەم شێوازەدا خۆی (بڕین، کونکردن، سووتاندن و دوورینەوە)، کچەکە دەکەوێتە بەر خوێنبەربوونی و ئازاری توند لەوانەیە دوچاری هەوکردن بێت وەک هەوکردنی خوێن. FGM بۆ منداڵان زۆر ناخۆشە و کچەکەت ڕەنگە تووشی گرفتی دەروونی بێت.

لەگەڵ ئەوەشدا منداڵی دووچاربوو بە FGM لەوانەیە بکەوێتە بەر مەترسی کێشەی جەستەیی هەمیشەیی. باوترین گرفت لەدەستدانی توانای میزکردنی سروشتییە: میزکردنە زیاتر لە ڕادەی خۆی کات دەبات و ئازارهێنەرە. بە زیادبوونی تەمەنی کچ و دەسپێکی سووڕی مانگانە، خوێنیک کە توانای چوونەدەری نییە دەبێتە هۆی ئازاری توند. ئەم بارودۆخە ڕەنگە ببێتە هۆی سەرئێشە ، ئازاری گەدە، پشت ئێشە و ناجێگیری باری دەروونی. هەروەها، بەشێک لە ژنانی دووچاربوو بە FGM ڕووبەووی کێشەی سێکسی و دووگیانی دەبنەوە.

ئەرکی باوان

تۆ گرنگترین کەسی لە ژیانی کچەکەتدا و ئەرکی ئەوەت هەیە کە پارێزگاری لێ بکەیت لە ئاست FGMدا. جگە لە ئەنجامدانی FGM، هاوکاری و پەرەپێدانی ئەم کردارەش قەدەغەیە. تەنانەت ئەگەر کەسێکی تر ئەم کارە ئەنجام بدات و کارەکە لە دەرەوەی سوید ئەنجام بدرێت، تۆ بەرپرسیاریت. تۆ دەبێ هەموو جۆرە هەنگاوی پێویست بنێیەوە بۆ پارێزگاری لە منداڵ لە ئاست FGMدا. سزای دایک و باوکێک کە کچەکەیان دوچاری FGM بێت، 2 بۆ 10 ساڵ زیندانە.

ئەگەر گوشارت لەسەرە دەتوانی یارمەتی وەرگریت

هەندێ لە باوان بۆ ئەنجامی FGM لە لایەن خزم و کەسەکانیان زەختیان بۆ دێت. بۆ ڕوونکردنەوەی قەدەغەبوونی FGM لە سوید ، ئێمە بەڵگەیەکمان دابین کردووە بۆ شیکردنەوەی قەدەغەکردنی FGM. دەتوانیت ئەوە پیشانی ئەو کەسانە بدەیت کە دەیانهەوێت قەناعەت بە تۆ بێنن و پێیان بڵێ کە ئەگەر باوان پارێزگاری کچەکەیان نەکەن لە بەرانبەر بە FGM لەوانەیە زیندانی بکرێن.

بۆ بەدەستهێنانی زانیاری زیاتر سەردانی ناونیشانی خوارەوە بکە: www.hedersfortryck.se

Språk: Sorani